# شیکردنەوەی لۆجیکیانە

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١ - سەرهەڵدانی میتۆدەی شیکردنەوەی لۆجیکی داهێنانێکی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستە، ئەم داهێنانە ئەنجامێک بووە، لە دوو کێشە و تەنگژەوە کەوتووەتەوە. هەندێ جار کێشە، تەنگژە ئەنجامی چاوەڕوان نەکراوی لێ دەکەوێتەوە بیرکار و بیرکاران لە سەدەی نۆزدە دووچاری تەنگژەی بیرکاری بوونەوە، دوای کۆشش و هەوڵێکی زۆر تەنگژەکە بەلایەکدا خراو ئەنجامەکەی پەیدابوونی لۆجیکی بیرکاری بوو، کە لەلای خۆیەوە جیهاندیدی باوی سوننەتی گۆڕی و ڕەنگی میتۆدەی توێژینەوە و شیکردنەوەی لۆجیکی ڕشت.

- لەلایەکی ترەوە، دوای ئەوەی تۆمەتی چەقبەستوویی تەمەن هەزار ساڵە خرایە پارسەنگی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، دەرکەوت کە ئەو سەردەمە بۆ توێژینەوە میتۆدەیەکی دروستی زانستی نەبووە، بۆیە دووچاری ئەو دواکەوتووییە بووە، ئیتر بیر لە دانانی میتۆدە کراوەتەوە لە ئەنجامی دیاردەی هیوابەخشی بە بیرکاری کردنی زانستە ئەزموونییەکان، میتۆدەی توێژینەوە و شیکردنەوەی زانستی پشت ئەستوور بە بیرکاری، لەدواییدا بە لۆجیکی بیرکاری سەری هەڵداوە.


- بیرکاران کێشەکەیان ئەوەبوو نەیاندەتوانی پێناسەی چەمکە بنەڕەتییەکانی بیرکاری بکەن، چەمکێکی سەرەکی ژمارە بوو! ژمارە چییە؟

چۆن پێناسە بکرێ. لێرەوە دوو بۆچوون سەریان هەڵداوە:

**یەک:** ئەو ئاراستەیە بەلایەوە سەرچاوە و بنجوبناوانی بیرکاری لۆجیکە. بۆ دەرباز بوون لەو تەنگژەیە دەبێ پشت بە لۆجیک ببەسترێ و بە چەمکەکانی بابەتەکانی بیرکاری پێناسە و یەکلایی بکرێنەوە. ئەو ئاراستەیە بە ڕابەری گوتلوب فرێگە (١٨٤٨ – ١٩٢٥ز) بووە کە توانی بنەمای لۆجیکێکی نوێ دابنێ کە بەسەر زانستی ژمێرە و بیرکاریدا جێبەجێ بکرێ و بتوانێ ناکۆکییەکانی نێو بیرکاری یەکلایی بکاتەوە. ئەوجا توانی سەرکەوتووانە بەهۆی میتۆدەی شیکاری زانستی ژمێرە بباتەوە سەر لۆجێک، هەروەها هەوڵی داوە چەمکەکانی بیرکاری بەهۆی چەمکی لۆجیکەوە شی بکاتەوە، بۆ ئەوەی ساغی بکاتەوە کە ڕاستییەکی (فاکتەکانی) بیرکاری لە کورتکردنەوە پێناسییەکانی لۆجیک بەولاوە نین.

**دوو:** هوسەرڵ (١٨٥٩ – ١٩٣٨ز) کە خۆی پسپۆڕ و مامۆستای بیرکاری بووە و لە زانکۆی ڤیەننا فەلسەفەی لەلای پرۆفیسۆر فرانس برێنتانۆ مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی ڤیەننای نەمسا خوێندووە، کە ئاراستەیەکی دەروونزانی هەبووە، بەلای سایکۆلۆجیدا شکاندوویەتی و لەو باوەڕەدا بووە کە لۆجیک، چەمک و بابەت و بڕیاردان و ئەنجامگیرییەکان، بە بنەما بنەڕەتییەکانی دەروونزانییەوە پشت ئەستوورن، پێوەندی نێوان لۆجیک و دەروونزانی بابەتێکی کێشە لەسەرە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ، لاری لەوە نییە کە دەروونزانی زانستێکی ئەزموونییە (پشت بە تاقیکردنەوە – تەجرەبە دەبەستێ)، بەڵام بابەتەکە خۆی چۆنە، دەیکات بە کەرەستەی توێژینەوە.

٢- بەڵام لۆجیک بە پێچەوانەوە، نەزمێکی



**هۆسەرل**

پێوەری تیۆرییە و بابەتی توێژینەوەکەی وەک خۆی پەسند ناکات، بەڵکوو بەپێی پێوەرەکە دەبێ ئەو کەرەستەیە: پێویستە چۆن بێ. لێرەدا کەرەستەکە بەپێی پێوەر نەک وەک خۆی تاووتوو دەکرێ، کەواتە چۆن دەکرێ دوو بابەتی ڕوخسار و ناوەڕۆک لە یەکتری جیاواز، دەروونزانی و لۆجیک پێکەوە کۆبکرێنەوە و بە یەکەوە بێنەوە؟ کەوابوو لۆجیک لەگەڵ دەروونزانی دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن. دەروونزانی زانستێکی ئەزموونی بەدواداچوونە (ئێندەکشن – ئیستقراییە)، بەڵام لۆجیک لقێکی فەلسەفەیە پشت بە فۆرم دەبەستێ و دەخرێتە خانەی ئەو زانستانەوە کە تیۆریی پێشیانەن، پشت بە سەلمێنە دەبەستێ:

کەچی کێشەی واتا و دەلالەت، کێشەی کەرەستە بابەتییەکانی پرۆسەی زانین ناتوانرێ بە هیچ جۆر و شێوازێک بە ڕێگە و میتۆدی پێشەکییە گریمانەییەکانی دەروونزانییەوە ڕوون

بکرێنـەوە. ئـەو زانسـتە هەمیشـە ڕەهەندێکـی خودیـی (زاتـی) زانیـن دەسـتەبەر دەبـێ.

– دواتـر بەهـۆی ئـەو ڕەخنانـەی فرێگـە لـە ڕابـەری فەلسـەفەی فینۆمینۆلۆجـی گرتـووە، هۆسـەرل هەنـگاو بـە هەنـگاو لـە بەرهەمەکانـی دواتریـدا دەسـتبەرداری ئـەو بۆچوونـە بـووە کـە لۆجیـک لـە دروونزانییـەوە کەوتبێتـەوە، بـەڵام لـە هیـچ بەرهەمێکیـدا بۆچوونەکانـی فرێگـەی پەسـند نەکـردووە، چونکـە لـە نووسـینەکانیدا هەمیشـە لۆجیکـی بـە کەرەسـتەیەک بـەکار هێنـاوە خزمەتی سـوود و قازانجـی جێگیرکردنـی بنەمـای جیهاندیدە فەلسـەفەییە فینۆمینۆلۆجییـە ترانسـندنتالییەکەی بـکات، ئیتـر پەنـای بـۆ چەمکـی دیـاردە دەروونزانییەکانـی نەبردووەتـەوە، بەڵکـوو پشـتی بـە چەمکـی ئەزموونـی زینـدوو (کـە بـە ئەڵمانـی ئێرلێبنـس)ی پـێ دەگوتـرێ، بەسـتووە.

– بڵاوبوونـەوەی هەردوو شاکاری فرێگە: تۆماری چەمکـەکان (بـە ئەڵمانـی بیگریفـس شـریفت) و بنەمـا بنەڕەتییەکانـی ژمێـرە (ئەریتماتیک) سـاڵی (١٨٧٩ز) و دواتـر کتێبـی بنەماکانـی بیـرکاری (پرینکیپـا ماتماتیـکا)ی ڕەسـڵ و وایتهێـد بـە سـەرەتا و دەسـتپێکی لۆجیکی بیـرکاری دادەنرێن کـە میتـۆدەی شـیکردنەوەی لۆجیکیـان لـێ پەیدا بـووە و کەوتووەتـەوە.

٣ – ئەگـەر بـە وردی سـەرنجی ئـەو میتـۆدە لۆجیکییـە بـدرێ کـە فرێگـە و پۆزەتیڤیزمـی لۆجیکـی (کارنـاپ) و ڕێبـازی شـیکردنەوەی فەلسـەفەیی ئینگلیـز (ڕەسـڵ و جـۆرج مـۆر) گرتوویانەتەبـەر لەگـەڵ ئـەو کەرەسـتەیەی کردوویانـە بـە بابەتـی شیکردنەوە و توێژینـەوە، ئەوجا یەکلایی کردنـەوەی کێشـە فەلسـەفەییەکانی کـە بـە درێژایـی مێـژووی فەلسـەفە پرسـیاری سـەرەکی تاووتووکـردن بـوون بـە یەکجارەکـی بەلایەکـدا نەخـراون ئـەو بۆچوونـە لـەلای گەڵاڵـە دەبـێ کـە ئـەو میتـۆدە نوێیـە (بـە جیاوازییـەوە) لـەو کۆششـەوە سـەری هەڵـداوە کـە کانـت لـە فەلسـەفە ترانسـندێنتالییەکەیەوە کردوویەتـی: ڕەخنەکردن و شـیکردنەوەی تواناییەکانی ژێـری بێگـەرد و بارگۆڕینـی کۆپەرنیکۆسـیانە!

جیاوازییەکـە ئەوەیـە، لـە جیاتی ژێر، زمان کراوە بـە کەرەسـتەی تاووتووکـردن و بارگۆڕینەکـەش لـەوەدا کـراوە کێشـە سـەرەکییەکانی فەلسـەفە و بابەتەکانـی پشـتگوێ خـراون و پاوان و کەرەسـتەی تـر هەڵبژێـردراون: شـیکردنەوەی لۆجیکیانـەی زمـان و تیـۆری و ئەنجامەکانـی زانسـتەکان، دوای ئـەوەی زمانێکـی سـیمبۆلی لۆجیکـی دادەهێنـرێ کـە بەسـەلمێنە و پرۆسـەی ئەنجامگیـری پشـت ئەسـتوور بێـت، ئـەو زمانەش واتـا و دەلالەت لەگەڵ تیـۆری سـیمۆتیک (سـێنتاکس، سـیمانتێکس، پراگماتیکسـی) دەکـرێ بە کەرەسـتەی تاووتووکردن بۆ دەرخسـتنی ئـەو هەڵانـەی بەهـۆی پـەی نەبـردن بـە سێنتاکسـی زمانـەوە سـەرئاو کەوتـوون. لێرەوە فەلسـەفە دەبـێ بـە چالاکی و لـە دانانی نـەزم دوور دەکەوێتـەوە، لۆجیکیـش لەگـەڵ تیـۆری زانیـن دەبن بـە میتـۆدی تاووتووکـردن و بەشـێک لـە تیـۆری زانسـت، ئەمـەش بـەو مەبەسـتەی بنەمایەکـی بنەڕەتـی قایـم و پتـەو بـۆ زانسـت دابیـن بکرێـت، ئەوجـا هەوڵـدان بـۆ پشتڕاسـت کردنـەوەی بـێ واتایـی کێشـە و بابەتەکانی میتافیزیک لـە بەرانبەر پرۆسـەی نەسرەوتی هەمیشـە بـەرەو پێش چـووی کۆششـی زانسـتیدا، ئیتـر فەلسـەفە بـەو پێیـە دەبێ بـە لۆجیکـی زانستەکان، دەسـتەواژەکانی زمـان کە بابەتـی تاووتووکـردن بن، دەکرێن بـە دوو جۆرەوە: دەسـتەواژەی شـیکاری، یـان دەسـتەواژەی لێکدراو. میتافیزیکیـش وەک بـێ سـوود دەردەخـرێ و پەنـا بـۆ هـەردوو پێـوەری سـاغکردنەوە، یـان توانایـی پشـت ڕاسـتکردنەوە و پشـتگیری کـردن دەبـرێ

بۆ پیادەکردنی چالاکیی شیکردنەوەی لۆجیکی. لێرەدا کە قسە لە شیکردنەوە دەکرێ، مەبەست وشەی زمان نییە، بەڵکوو شیکردنەوەی ئەو بابەت و چالاکییەیە کە فەلسەفە دەربارەی چەمک و بیرۆکە و زانین و جیهاندید، بە تایبەتی ئەوەی پێوەندی بە زانستەوە هەیە، ئاماژەیان پێ دەدات بەبێ ئەوەی دەست بخاتە نێو ئەرک و کاروباری زانایان، بەڵکوو تەنیا هەر کێشە و بیر و تیۆری و گریمانەکانیان لۆجیکیانە شی دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر لە هەندێ سەرچاوەدا قسە لە شیکردنەوەی کێشە و دەستەواژە و ڕستەکانی زمان کرابێ، مەبەستەکە هەر تەنیا شیکردنەوەی ڕوخسار و فۆرمی بیر و هزرە، نەک ناوەرۆکەکەی، ئیتر بەو پێیە و پشت ئەستوور بەو میتۆدەی شیکردنەوەیە ئەگەر زانست دانانی قانوون و توێژینەوەی کەرەستە و ناوەرۆکی زانین بکات بە کەرەستەی زانین، ئەوە فەلسەفە بایەخ بە ڕوخسار و جۆری پێکهاتەی زانین و چوارچێوەکەی دەدات:

٤ — کەواتە ئەو لە یەکچوونەی ئەو میتۆدە نوێیەی توێژینەوەی شیکردنەوەی لۆجیکی زمان لە چ کایە و پاوانێکدا لەگەڵ کۆششە ترانسندێنتالیەکەی (کانت)دا دێتەوە و یەک دەگرێتەوە؟

لە شاکاری ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرددا (١٧٨١ز) گوتوویەتی: ڕەخنەگرتن ئامرازێکی سەرەکی فەلسەفەیە، دەبێ هەموو شتێک، گشت بابەتەکان بگرێتەوە. ڕەخنەکردنەکە تەنیا هەر نووسراو و ڕێژیم و سیستەمەکان مەبەست نییە، بەڵکوو ژیر خۆی و ئایین و قانوون دەگرێتەوە. «ئەم سەردەمەمان سەردەمی ڕەخنەکردنە کە پێویستە و دەبێ هەموو شتێک بگرێتەوە، ئایین بە پیرۆزییەکەی و قانوون بە شکۆمەندییەکەیەوە، ئەو ڕێزلێنانەیان پێ دەبڕێ ئەگەر ژیر پێیان ببەخشێ کاتێک لە تاقیکردنەوەی ئازادی ژیردا دەردەچن.»

(کانت: ١٩٧٦، ل١٢ پێشەکی چاپی یەکەم، بە ئەڵمانی).

ئەو بڕیارەی کانت لە چەند ڕوانگەیەکەوە کێشە دەورووژێنی، ئەگەر ژیر لە ڕەخنەکردندا مافی سنووربەزێنی هەبێ و هەر خۆیشی ڕەخنە لەخۆی بگرێ، جارێکیان ڕەخنەگر و جارێکیان ڕەخنەلێگیراو پرسیارە، کێشەکە لەوەدا سەرهەڵدەدات: دەکرێ ژیر لە یەک کاتدا دوو ڕۆڵ بگێڕێ؟ جارێک دادوەر (ڕەخنەگر)، جارێکیش تۆمەتبار (ڕەخنەلێگیراو)؟!

– ئەو لایەنەی ڕەخنەگرتن و شیکردنەوە بەرانبەر بە کۆششی شیکردنەوەی لۆجیکی پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی دادەنرێ، ژیر لێرەدا بووە بە لۆجیکی بیرکاری و کەرەستەکەشی دەستەواژەی زمانە!

– دەربارەی بارگۆڕینەکەش کانت گوتوویەتی:

تا ئەو سەردەمە وا دانرابوو کە پێویستە زانین بەپێی بابەتەکانی دەوروبەر ئاراستە بکرێ، بەڵام گشت هەوڵەکان کە لەم بارەیەوە دراون، بە چەند چەمکێک پێشیانە شتێک دیاری بکرێ کە ببێتە مایەی فراوانکردنی زانین، شکستیان هێناوە، کەوا بوو با جارێک هەوڵ بدرێت ئایا بە شێوەیەکی باشتر بەرەوپێش ناچین ئەگەر وای دابنێین کە شەمەکی دەوروبەر و بابەتەکان بەپێی زانینی ئێمە ئاراستە و ڕێک بخرێن، ئەمە گریمانەیەک پتر لەگەڵ خواستماندا دێتەوە کە مەبەستمانە پێشیانە بابەت و شەمەکەکان بزانین، ئەوە یەکەمین بیرۆکە بووە کە بۆ کۆپەرنیکۆس هاتووە (کانت ١٩٧٦، ل١٩، ب١٦).

– ئەگەرچی کانت و ڕابەرانی پۆزیتیڤیزمی لۆجیکیی کۆڕی ڤیەننا لە دوو قۆناغی جیاوازدا

ژیاون و هەلومەرجی لە ئارادابووی ئەو دوو سەردەمە یەک ناگرنەوە، بەڵام دەکرێ جۆرە لە یەکتری چوونێک لە وەرچەخان و بارگۆڕینی فەلسەفەدا بەراورد بکرێن.

- ساڵی (١٩٢٩ز) لە ڤیەننا بەناوی (یەکگرتووی ئیرنست ماخ) بەیاننامەیەک بە دروشمی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان لەلایەن پرۆفیسۆر هانز هان، پرۆفیسۆر ئۆتۆنویرات، پرۆفیسۆر ڕوودۆلف کارناپ، بڵاوکراوەتەوە. تێیدا دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی فەلسەفیی بەناوی کۆڕی ڤیەننای پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی ڕاگەیاندووە. پرۆتۆکۆڵ ئاسا لە سەرەتاوە وەک پاساوی دامەزراندنەکە دوو جۆر هۆکاری ڕاگەیاندووە:

**یەک:** لە کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمییەکاندا هزر و ڕێبازی میتافیزیک و لاهووت گەشەیان کردووە و بوون بە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی هزر و بیری پێشکەوتنخوازدا.

**دوو:** پەرەسەندنی شۆڕش ئاسانی زانستە ئەزموونی و ڕوخسارییەکان.

(کۆڕی ڤیەننا ١٩٢٩، ل٧ بە ئەڵمانی)

بۆ گونجاندنی فەلسەفە لەگەڵ هەلومەرجی لە ئارادابوو (شۆڕش و گەشەکردنی زانست) و بەگژداچوونەوەی تەوژمە میتافیزیکی لاهووتییەکان وای پێویست کردووە، وەرچەرخانێک لە فەلسەفەدا بکرێ کە لە ئاستی بارگۆڕینە کۆپەرنیکۆسییەکەی کانت بێت، بۆ ئەو مەبەستە چاو بە میتۆدە و ناوەڕۆکی فەلسەفەدا خشێنراوە و پشت ئەستوور بە کۆششەکەی بیرکار فرێگە و دواتر جۆرج مۆر و ڕەسڵ لە کایەی لۆجیک و بیرکاریدا ئامرازێکی کارای شیکردنەوە و توێژینەوە لە گۆڕەپانی فەلسەفەدا ڕەخسێنراوە: ئامرازی میتۆدەی شیکردنەوەی لۆجیکییانە. ئەگەر کانت ڕەخنەی لە ژیر گرتبێ بۆ ئەوەی کێشەکانی فەلسەفەکە بە درێژایی مێژوو یەخەی فەیلەسووفەکانیان گرتووە، کۆڕی ڤیەنا هۆکاری ئەو کێشانەی لە ژێردا نەدیوە، بەڵکوو لە بە هەڵە بەکارهێنانی زمان و نەزانینی سێنتاکسی زماندا بەدی کردووە، ئیتر بارگۆڕینەکە لەوەدا دەرکەوتووە کە زمان کراوە بە کەرەستە و بابەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و پشت کراوەتە ڕشتنی ڕەنگی نەزم و سیستمی جۆر بە جۆری فەلسەفە، ئەمە بووە مەبەستی ڤتگنشتاین کە وتوویەتی، فەلسەفە لە خۆیدا لە چالاکی بەولاوە شتێکی دیکە نییە. ڤتگنشتاین: تراکتاتوس ١٩٦٠، پ٤٠١١٢).

بەو پێیە و پشت ئەستوور بە میتۆدەی شیکردنەوەی لۆجیکیانە ئامانجی فەلسەفە بێجگە لە شیکردنەوەی زمانی سیمبۆلی زانستەکان، ڕوونکردنەوەی لۆجیکیانەی هزر و بیرۆکەکان دەگرێتەوە، ئیتر فەلسەفە هیچی تر ڕێباز و تیۆری نامێنێ و دەبێ بە جۆرە چالاکییەک، کاری ڕوونکردنەوە و تاووتووکردن دەگرێتە ئەستۆ.

٥ — لە چوارچێوەی شیکردنەوەی زمانی سیمبۆلیدا کە تێیدا لەجیاتی وشەی سیمبۆل بەکار دێت و ڕستە لە دەستەواژە جیا دەکرێتەوە، بەوەی دەستەواژە دوو بەهاییە و هەواڵێک ڕادەگەیەنێ کە بە پێوەری لۆجیکی ڕاستی و ناڕاستییەکەی پشتڕاست دەکرێتەوە، سێ جۆرە دەستەواژە لە یەکتری جیاکراونەتەوە کە لە چوارچێوەی کێشەدا کاریان لەگەڵدا دەکرێ:

**یەک:** هەندێک پرسیار، دەستەواژە، کێشە لە فەلسەفەدا قسەیان لێ کراوە، بەڵام دوای توێژینەوە و شیکردنەوە و پەنابردنە بەر میتۆدەی شیکردنەوەی لۆجیکی دەرکەوتووە، دەکرێ پشت ئەستوور بە ئامرازە ئەزموونییەکان، بە

ڕێگەی زانستە ئەزموونییەکان وەڵام بدرێنەوە و بەلایەکدا بخرێن.

**دوو:** ئەو دەستەواژە و کێشانەی پتر سروشت و پوختەکەیان پێوەندی بە زمانەوە هەیە، بە ئامرازی پێناسە و ڕوونکردنەوەی چەمک و سیمبۆل و دەستەواژەکان یەکلایی دەکرێنەوە.

**سێ:** پرسیار و کێشە و دەستەواژەکانی میتافیزیک، ئەمانە ناکرێ وەڵامێکی ڕاستودروستیان بدرێتەوە، هەروەها ناتوانرێ بە زمانی زانست و چەمکە زانستییەکان دابڕێژرێن و فۆرمۆلە بکرێن، بۆیە ئەم جۆرە پرسیار و دەستەواژانە بەبێ واتا دادەنرێن. (فیکتۆر کرافت: ١٩٦٨، ل١٧٥ بە ئەڵمانی).

ئەو بڕیارە کە ئەو ڕێبازە داویەتی، سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێناوە. ناکرێ فەلسەفە وا بچووک بکرێتەوە و تەنیا بابەتی زمان کەرەستەی توێژینەوە بێ و خۆیشی بکرێ بە پاشکۆی زانستەکان. پێشبینی کۆڕی ڤیەننا دەربارەی میتافیزیک ڕاست دەرچوو، هەروەک لە سەرەتای مانیڤێستەکەیدا ئاماژەی پێداوە. ئەو بابەتە لە برەودایە، ئەوەندەی ژیان مابێ، ئەویش هەردەمێنی، چونکە بە ژیر و ژیان پشت ئەستوورە!

– لە ئەنجامی پەرەپێدانی لۆجیکی بیرکاری و بنەما بنەڕەتییەکانی بیرکاری (ماتماتیک) و گەشەکردنی زانستی میتۆدەی توێژینەوە لە زانستە ڕوخسارییەکان کە پشت بە بەڵگەڕۆنان دەبەستن. (ئیستیدلال – دیدەکشن)، ئەوجا پەنابردن بۆ میتۆدەی شیکردنەوەی زمان و چۆنێتی پشتڕاستکردنەوەی بە پەرەپێدانی تیۆری سیمیۆتیکی پرۆفیسۆر چاڕڵس مۆریس دراوە، بەلای ئەم توێژەرەوە، پشت ئەستوور بە پەرەسەندنەکانی لۆجیکی بیرکاری تیۆری سیمبۆلەکان بووە بە ئامراز و دەروازەی زانستەکان و توێژینەوەی زمان و نەزمە لۆجیکییەکان:

سیمیۆتیک وەک زانست سیمبۆلی تایبەتی بەکار دەهێنێ بۆ ئەوەی دەربارەی سیمبۆل و هێماکان دەستەواژە ڕۆبنێ: ئەوە زمانێکە تێیدا قسە لە سیمبۆل دەکرێ، سیمیۆتیک بەسەر سێ جۆر دابەش دەبێ:

- سێنتاکس.
- سیمانتیکس.
- پڕاگماتیک.

سیمبۆل لەلای خۆیەوە چەمکێکی بێگەردی سیمیۆتیکە کە ناکرێ لە چوارچێوەی سێنتاکس و سیمانتیکس و پراگماتیکسدا پێناسە بکرێ.

سیمیۆتیک دەکرێ وەک فۆرمێکی وێناکردن و دەربڕین و نیشاندان دابنرێ، لە بنەڕەتدا خۆیشی نەزمێکی بەڵگەڕۆنانی چەمکە بنەڕەتی و دەستەواژە بنەماییەکانە. (چاڕڵس. و. مۆریس: ١٩٨٨، ل٢٦ – ٢٧ بە ئەڵمانی).

لەم سەردەمەدا ئەو بابەتە کە لەلایەن کۆڕی ڤیەننا، بە تایبەتی لەلایەن کارناپ و فەلسەفەی شیکاری ڕەسڵ و مۆر پەرەی پێدراوە و بووە بە لق و بابەتێکی سەربەخۆ بەناوی (لینگویستیک) زانستی گشتیی زمان.

– ئەو زمانە و پێکهاتەکانی کە بابەتی توێژینەوەی لۆجیکین، لەو زمانە جیاوازە کە ڕێزیان (کردار و کارا و بەرکار و ئامرازی پێوەندی) دەیکات بە کەرەستەی تاووتووکردن.

لە زمانی لۆجیکیدا کە پتر سیمبۆلییە و بۆ مەبەستی تایبەتی ڕۆنراوە، دوو بەشی زمان لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، جگە لە زمانی بابەتی و میتازمان؛ ئەوجا دەبێ وەک نەزمێک هیچ ناکۆکییەکی تێدا نەبێ:

**یەک:** زمان وەک نەزمێکی ڕێکوپێک سادە و

بێ ناکۆکی بێ.

**دوو:** زمان وەک ئامرازی قسەکردن. (د. یاسین خلیل ١٩٦٢، ل١٠)

یەکەمیان نەزمی هەیکەلی فۆرمی گشتی زمانە و دووەمیان بە دەنگ و وشە ئەو نەزمە دەردەبڕێ و بەرجەستەی دەکات.

لێرەدا قسە لەوە دەکرێ کە یەکە بنەڕەتییە ڕاستەقینەکانی زمان دەنگ و واتا نین، بەڵکوو ئەو پێوەندییانەن کە دەنگ و واتاکان دەریان دەبڕن و بە دەریان دەخەن. بەو پێیە ئەو پێوەندییە دەستیاوییانەی نێوان یەکەکانی زمان بریتین لەو ڕەگەزە ڕاستەقینانەی نەزم و سیستمی زمان لێیانەوە پێک دێت.

- لەو بۆچوونەی فەلسەفەی شیکردنەوەدا ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ئاراستەیە (لەگەڵ ئەو جیاوازییەی لە وردەکاری نێو نەزم و جیهاندیدە لۆجیکییەکەیاندا هەیە) بە تەواوەتی پشت کراوەتە شێوازی فەلسەفەیی توێژینەوەی کاروباری جیهانی دەوروبەر و بە تەواوەتی ڕووکراوەتە تاووتووکردنی بابەتی زمان بە شێوازی شیکردنەوەی لۆجیکیانە! ئەو جۆرە شیکردنەوەیە هەڵوێستی فەیلەسووف لە چالاکی زانایانی زمان جیا دەکاتەوە و هەڵیان دەئاوێرێ بەوەی لە ڕوانگەی لۆجیکی بیرکارییەوە سەرنجی زمان دەدات، بە مەبەستی ڕۆنانی زمانێک کە خەسڵەتی سیمبۆلی هەبێ و ئەوپەڕی ورد و ڕێکوپێک بێ و توانایی گەردانکردنی هەبێ. بەو پێیە ئەو زمانە ڕۆنراوە ئامرازی پێوەندی و لە یەکتری تێگەیشتن و دەربڕینی سۆز و هەست نییە و لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکارناهێنرێ! بەڵکوو بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی و یەکلاییکردنەوەی کێشە سوننەتییەکانی هزر و فەلسەفە و فەلسەفەی زانستی.

ئەو زمانە ئەوەندەی پێوەندی بە سیمبۆل و هێما بەکارهاتووەکانەوە هەیە، لە سێ لق پێکدێت: سیمبۆل، شمەک، کەسەکان (مرۆڤ) کە ئەو زمانە بەکاردەهێنن، ئەم سێ لقە بریتین لە پێکهاتەی زمانەوانی (سێنتاکس)، واتا و دەلالەت (سیمانتیکس)، ئەوجا کەسەکان کە ئەو سیمبۆلانە بەکار دەهێنن (پراگماتیکس).

- سێنتاکس: بایەخ بە توێژینەوەی سیمبۆل و پێوەندییەکانی دەدات لەگەڵ سیمبۆلەکانی دیکەدا، بە تایبەتی لە وێنە ڕوخسارییەکانیاندا بەبێ گەڕانەوە بۆ واتا و کەسی قسەکەر توێژینەوەی بابەتی سێنتاکس تەنیا هەر لە پاوانی شیکردنەوەی سیمبۆل و پێوەندییەکانیدا دەبێ لەگەڵ لێکۆڵینەوەی پێکهاتە فۆرمییە – ڕوخسارییەکانی دەستەواژەکانی زمان.

- سیمانتیکس:

سەرەڕای ئەوەی ئەم لقە بایەخ بە لایەنی ڕوخسارەکی دەستەواژە دەدات، توێژینەوە لەسەر واتا و دەلالەتی سیمبۆلەکان دەکات. واتا ئەو بیرۆکەیەیە کە دەستەواژە دەری دەبڕن، بەڵام دەلالەت ئەو شتەیە کە سیمبۆلەکە ئاماژەی پێدەدات، لە جێگەیەک دووکەڵ ببینرێ، دەلالەتی هەبوونی ئاگرە، ڕەنگی ڕەشیش دەلالەتەکەی خەمبارییە!

- پراگماتیک:

بێجگە لە هەردوو بابەتەکەی پێشتر، سیمبۆل، واتا و دەلالەت ئەو لقە توێژینەوە لەسەر پێوەندی زمان کە کەسی قسەکەر و ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکە دەکات. (د. یاسین خلیل ١٩٧٠، ل٣١٦). ئەم سێ لقە زانستە جۆربەجۆرەکان بەرجەستە دەکەن.

سێنتاکس کە لایەنی ڕوخسارەکی دەگرێتەوە، بەرانبەر بە لۆجیک و بیرکارییە، بەڵام سیمانتیکس

کـە بایـەخ بـە واتـا و دەلالـەت دەدا، ئاماژەدانـە بـە شـمەکی جیهانـی دەوروبـەر، دەچێتـە خانـەی فیزیـک و کیمـی و بیۆلۆجییـەوە.

سـیمیۆتیک کـە ئـەو سـێ لقـە دەگرێتـە خـۆی و لەلایـەن پرۆفیسـۆر (چارلس مۆریس)ـەوە دوا ڕوخسار و ناوەرۆکـی پـێ بەخشـراوە، دەسـتەبەری بنەما بنەڕەتییەکانـی تێگەیشـتنی فۆرمـە سـەرەکییەکانی چالاکی مرۆڤ و پێوەندییە جۆربەجۆرە دەستیاوییەکانی دەبێ، چونکە ئـەو چالاکی و پێوەندییانـە بـە سیمبۆل و هێما دەردەبڕدرێـن و ڕەنگ دەدەنـەوە و بەرجەستە دەبـن. (گیـۆرگ کلاوس: ١٩٧٣، ل٥٣ بـە ئەڵمانـی).

- مەبەسـتی تیـۆری سـیمیۆتیک هەرچـی بووبـێ، چەنـدە لـە پیادەکردنیـدا سـەرکەوتن بـە دەسـت هاتبـێ، لـەم سـەردەمەدا لـە خانـە و پاوانـی فەلسـەفە چووەتـە دەرێ و بـووە بـە لقێکـی ئەکادیمـی سـەربەخۆ: زانسـتی تیـۆری گشـتیی زمـان (لینگویسـتیک). هیـچ کاتێـک ناکـرێ فەلسـەفە ببـێ بـە لۆجیکـی زانسـتەکان، بـە ئامـرازی لۆجیـک دەسـتەواژە و چەمـک و زاراوە و تیۆرییەکانـی زانسـت شـی بکاتـەوە (شـیکردنەوەی لۆجیکیانـە)! فەلسـەفە بـە هیـچ جۆرێـک سـەروکاری لەگـەڵ واتـا و دەلالەتـی وشـە و دەسـتەواژەکانی زمانـدا نییـە و دەسـت و پەنجەیـان لەگـەڵ نـەرم نـاکات. خـۆی لـە خۆیدا بەشێکی گرینگی هۆشیاری کۆمەڵایەتییـە و دەچێتـە خانـەی سـەرخانی کۆمەڵگـەوە. لاریـش لـەوە نییـە کـە زمـان لـە دەربڕینـی بابەتەکانـی فەلسـەفەدا، وەک ئامـراز پشـکی شـێری بەردەکـەوێ، بـەڵام ناکـرێ ببـێ بـە تاکـە بابـەت و بابەتـی سـەرەکی توێژینـەوەی فەلسـەفە، فەلسـەفە وەک چالاکییەکـی هزر و ژیر و ڕەهەندی لۆجیکی و زانیـن (ئیپستمۆلۆجی) و بوونی گشـتی (ئۆنتۆلۆجی) و میتافیزیکی و سروشـتی و ئاکاریی هەیـە و دەسـتبەرداریان نابـێ. دەربـارەی ڕێبـاز و میتـۆدی توێژینـەوەی فەلسـەفە، بەپێـی سـەرچاوە مێژووییەکانـی قۆناغـە جۆربەجۆرەکانـی فەلسـەفە، پەنـا براوەتـە بـەر میتـۆدی جیـاواز (بـەڵام لـە وردەکارییەکانـدا) بـۆ نموونـە قسـە لـە میتـۆدەی گومانـی دیـکارت و فینۆمینۆلۆجـی هوسـەرل و بـۆ هاتنـی برگسـۆن و ڕێبـازی ئیگزیسـتێنیالیزم و دیالێکتیکـی مێژوویـی و مەتریالیسـتی کارڵ مارکـس و میتـۆدەی شـیکاریی کـۆڕی ڤیەننـا (کارنـاپ) و جـۆرج مـۆر و ڕەسـڵ دەکـرێ. لێرەدا ناکـرێ ئـەو ڕاسـتییە، بـە هەنـد وەرنەگیـرێ کـە ڕێبـاز و میتـۆدەی فەلسـەفە ئەنجامێکـی کێشـەکانی ژیـان و کۆمەڵگـە و هەڵکەوتـی لـە ئارادابـووی دەوروبـەرن و لەوانـەوە پەیدابـوون و کەوتوونەتـەوە. سروشـتی کێشـەکانی گەوهـەر و پوختـەی میتـۆدە دیـار و دەستنیشـانیش دەکات. ناکـرێ فەلسـەفە لـە چالاکـی ڕەخنەکـردن و ڕەسـەنێتی بەرهەمهێنـان و داهێنـان بێبـەش بکـرێ و لێوەیـان دوور بخرێتـەوە. ئەگـەر زانسـتەکان توانیبیـان ڕێبـاز و میتـۆدەی ورد و ڕێکوپێکـی سـاغکردنەوە و پشـت ڕاسـتکردنەوە دابهێنـن و لـە چـاو فەلسـەفە پەرەسـەندن و گەشـەکردنێکی سـنوور بەزێـن بکـەن، ئەمە کەموکووڕیی و دەستە پاچەیـی و لێنەهاتوویی فەیلەسـووف و فەلسـەفە ناگەیەنـێ، بەڵکوو ئـەم ڕەوشـە بـەراورد بـە دۆخی زانسـتەکان، لـە گەوهـەر و سروشـتی پێکهاتـە و نـاوەرۆک و ئامـراز و ئامانجـی فەلسـەفە خـۆی کەوتووەتـەوە. فەلسـەفە و زانسـت دوو شـتی لـە یەکتـری جیـاوازن. ئـەم هەڵوێسـتە لـە پێوەنـدی دەسـتیاوی نێـوان هـەردوو پاوانـی زانسـت و فەلسـەفە کاڵ ناکاتـەوە. ئەگـەر جیهانـی دەوروبـەر بکـرێ بـە کەرەسـتەی توێژینـەوە، ئـەوە جیهـان خـۆی جێگـرە و گۆڕانـی بەسـەردا نایـەت، بـەڵام

زانینـی دەوروبـەر جیهانبینـی بـەردەوام لـە گۆڕانـی نەپسـاوە دایـە، بۆیـە وتـراوە لـە چ جێگەیـەک زانسـت ڕاوەسـتا، فەلسـەفە دەسـت پـێ دەکات.

هەنـدێ جـار زانسـت ناتوانـێ هەندێـک دیـاردە و کێشـە یەکلایـی بکاتـەوە کـە کردوونـی بـە کەرەسـتەی توێژینـەوە، لێـرەدا ڕۆڵـی سـوارچاکی دەسـتپێکی فەلسـەفە سـەرئاودەکەوێ.

فەلسـەفە هـەر لـە سـەرەتای پەیدابوونییـەوە چووەتـە ژێـر بـاری ئەرکـی ڕوونکردنـەوە، توێژینـەوە و پرسـیارکردن و گۆڕینـی جیهانـی دەوروبـەری بـە ئەرکـی سەرشـانی بابەتـی تـری کولتـووری شارسـتانیەت سـپاردووە، تەنانـەت هـەر لـە سـەردەمی یۆنانـەوە ئـەم گازندەیـە کـراوە، بگـرە ئـەو تۆمەتـە خراوەتـە پارسـەنگی کـە پتـر پرسـیار دەکات و کەمتـر وەڵام دەداتـەوە.

فەلسـەفە داهێنانـی ژیانـی هـزری و ژیریـی مرۆڤـە، هەتـا ژیـان هەبـێ، مافـی فەلسـەفەش دەمێنـێ ئـەو گۆڕانانـەش کـە بـە درێژایـی قۆناغەکانـی مێژوویـی مرۆڤایەتیـدا هاتـوون، پرپیشـکیان بـەر فەلسـەفە کەوتـووە و لێـی بـەدەر نەبوونـە.

### سەرچاوە و پەراوێز:


(1) Kant: Kritik der reinen Vernunf, Vorrede Zur ersten Auf Lage A, XII. Meiner. Ham burg 1976.

(2) Der Wiener Kreis: Wissenschaftliche Weltauffassung, Hrsg. von Verein Ernst Mach. Wien 1929.

(3) Ludwig Wittgenstein: Tractatus Logico-Philosophicus. Frankfurt am Main 1960.

- ئـەم شـاکارەمان کـردووە بـە کـوردی، سـاڵی (٢٠١٥ز) لـە سـلێمانی، لەسـەر ئەرکـی دوکتـۆر تەهـا ڕەسـووڵ چـاپ کـراوە.

(4) V. Kraft: Der Wiener Kreis, Wien 1968.

(5) Charles W. Moriris: Grundlagen der Zeichentheorie. Frankfurt 1988.

٦ – د. ياسين خليل: منطق اللغة بغداد، ١٩٦٢.

(7) Georg Klaus: Semiotik und Erkenntnistheorie. Muenchen 1973.